# هەناسەکانی هۆشەنگ

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**
18/19– 3– 2006

**لە نێوان مانگ و ئەستێرەکاندا**
**خۆشەویستییەك هەیە بێ سنوور**

* * * * *

**لە نێوان گوڵ و پەپوولەکاندا**
**سۆزێك هەیە بێ کۆتایی**

* * * * *

**لە نێوان شەو و ماچدا**
**هەزاران مرۆڤ**

* * * * * *

**لە نێوان من و خوادا**
**جیاوازی بێ مەودا**

* * * * * *

**لە نێوان فریشتە و بادا**
**چەندین ئاواز**

* * * * * *

**لە نێوان هەور و گیادا**
**گریانی باران**

* * * * *

**لەنێوان مێخەك و مەمکدا**
**دەسکێك بۆن هەیە**
* * * * * *

**له نێوان دارستان و کتێبدا**

**فەنەری خەیاڵ**

* * * * * *

**لەنێوان شعر و مامزدا**

**روحێك**

* * * * * *

**جیاوازی شەو و پیاو**

**ئنجانەیەکە**

* * * * * *

**جیاوازی دەریا و شوان**

**مێگەلێکە**

* * * * * *

**جیاوازی خوا و باران**

**هەورێکە**

* * * * * *

**جیاوازی کانی و پەنجەرە**

**تریفەیەکە**

* * * * * **

**لەنێوان شەیتان و مرۆڤدا**

**پەیمانێك**

* * * * * * *

**له نێوان مێروولە و گەنمدا**

**هەزاران پیلان**

* * * * * * *

**له نێوان زمان و نووسیندا**

**دیرۆكێك له ئاماژه**

* * * * * * *

**له نێوان مردن و ژیانه‌وه‌دا**

**كتێبی باوه‌ڕ**

* * * * * * *

**له نێوان كۆمپیوته‌ر و په‌نجه‌كانم**

**روح**

* * * * * * *

**له نێوان دۆزه‌خ و ده‌نگم**

**ئازادی**

* * * * * * * *

**جیاوازی ژن و فریشته**

**ده‌سماڵێك**

* * * * * * *

**جیاوازی رۆح و جه‌سته**

**فڕین**

* * * * * * *

**له‌نێوانی ئاگر و خه‌یاڵدا**

**داگیرسان و دره‌وشانه‌وه**

* * * * * **

**له‌نێوان نووستن و نووسیندا**

**خه‌فه‌بوون**

* * * * * **

له نێوان سەفەر و گێرسانەوەدا

جانتا

* * * * * * *

له نێوان سەما و گریاندا

فرمێسك

* * * * * *

له نێوان ئاسمان و ئازادیدا

زنجیر

* * * * * * *

له نێوان رەنگ و منالێدا

یادگارییەکانی پەلکەزێڕینه

* * * * * * *

لەنێوان مەم و زین و لاس و خەزال و خەج و سیابەندد‌ا

بەکر و تیر و نێری

* * * * * * *

له نێوان چاو و برۆدا

سێبەر

* * * * **

له نێوان سمێڵ و کەپوودا

موس

* * * * * * *

له نێوان پەنجه و دەستدا

دونیایەك عاتیفە

* * * * * * *

لەنێوان دڵ و خوێندا

هەمیشە سەفەر

* * * * * *

جیاوازی مۆم و قەڵەم

چرا

* * * * * * **

لەنێوان کچێنی و ژنایەتیدا

خوێن

* * * * ***

لەنێوان چیرۆك و هەقایەتدا

پاڵەوان

* * * * * * * *

لەنێوان نیشتمان و خۆشەویستیدا

بەرگری

* * * * * * *

لەنێوان دار و پەلکەکاندا

بۆنی با

* * * * * * *

هاژە دەنگی پێی جۆگەیە

* * * * * *

خشپە دەنگی پەنجەکانی گەڵایە

* * * * ***

مرچ دەنگی سەفەری لێوە

* * * * * **

ئاوزینگ دەنگی قەیتان گرێدانی گیانە

* * * * * * *

لێستنەوە
ئازادی زمانە لە تەنهایی

* * * * * * *

خوران
خزمەتی پەنجەکانە

* * * * * * *

روناکی
تورەکردنی تاریکییە

* * * * * **

چرا کوژاندنەوە
ئاشتکردنەوەی تاریکییە

* * * * * *

نووسین لە سەر وورد
تورەکردنی پێنووسە

* * * * * *

مەسیجەکانی مۆبایل
کوشتنی خەت

* * * * * * *

**قسه کرن به ئەنتەرنێت**

**بێنازکردنی نامه**

* * * * * * *

**چەتینگ**

**مەرگی پیاسه**

* * * * * * *

**پرنتینگ**

**کوشتنی سکرینه**

* * * * * * *

**سپلێت**

**نەفرەته له هەوای ژوور**

* * * * * **

**جگەرەکێشان**

**فەنابوونی تووتنه له دوکەڵدا**

* * * * * * *

**کتێب**

**سووتانی دەستنووسه**

* * * * * * *

**خەتخەتانێ**

**عەشقی بەرده بۆ هێلەکان و رقی منداڵه له بەیەکگەیشتن**

* * * * * * * *

**کەلایانێ**

**خەباتی کەلایە بۆ ئازار نەدانی توخمی خۆی و سەرڕەقی**

**مرۆڤە بۆ پێکدادان**

*** * * * * * ***

**بلیارد**

**هەوڵی ژمارەکانە بۆ خۆبەدەستەوەنەدان و یاری پیاوەکانە**

**بۆ سەرکەوتن**

*** * * * * ***

**پێنجوکانێ**

**شەڕی بەردەکانە بۆ سەربەستی و حەزی پەنجەکانە بۆ**

**ئازاردانییان**

*** * * * * * ***

**پێنگ پۆنگ و تێنس و فۆتبۆل**

**ئەشکەنجەی بەنی تۆپە**

*** * * * * * ***

**پێناسە**

**کوشتنی ماناکانە**

*** * * * * * ***

**ناو**

**زیندانی مرۆڤە**

*** * * * * * ***

**رشانەوە**

**یاخیبوونی جەستەیە لە خواردن**

*** * * * ***

**منداڵ لەبەر چوون**

**رازینەبوونی رەحمە**

* * * * * *

**لە نێوان دیوار و پەنجەرە و دەرگاکاندا**

**رقێك هەیە بێ ئەندازە**

* * * * * * *

**لە نێوان باخچە و گوڵدا**

**مەسافەیەك هەیە پڕ لە شەڕ**

* * * * * *

**لە نێوان هەر گوڵێك و گوڵێكدا**

**باخچەیەك ناشرینی**

* * * * * *

**لە نێوان سویچ و چرادا**

**خراپترین پەیوەندی**

* * * * * **

**لە نێوان حەرفەكانی كیبۆرددا**

**تەماشای بێ شوماری ناشرین**

* * * * * *

**لە نێوان جگەرەكانی پاكەتێكدا**

**بۆنی قین**

* * * * * * *

**لە نێوان دوو شعردا**

**پەیوەندییەكی بۆگەنی**

* * * * * **

**له نێوان کلیل و قفڵدا**

**ئازاری بەردەوام**

* * * * * * *

**له نێوان نەوت و فتیله و شقارتەدا**

**هەمیشه دوژمنداری**

* * * * * * *

**له نێوان زستان و سۆبه**

**بەردەوام نەیاری**

* * * * * * *

**له نێوان بەهار و گیادا**

**گوشندەترین ئێواره**

* * * * * **

**له نێوان ژیان و مردندا**

**عەشقێك بۆ ئەبەد**

* * * * * * *

**گزنگ**

**سەر له کازێوه ئەشێوێنێ**

* * * * * *

**تریفه پیلانەکانی تاریکی تێك ئەدات**

* * * * * *

**هەتاو نایەڵێت**

**زەمەن شەوچەرەکەی تەواو کات**

* * * * * *

**وێنە بارگرانیە بەسەر دیواردا**

* * * * * * *

**جگەرە بێ سۆزە بەرامبەر بە تەپلەکدا**
**قاوە بەرامبەر بە فنجاندا**

* * * * *

**تۆمۆبێل لە وەرگەڕاندا ئازادە**

* * * * * * *

**شۆرتی کارەبا ساتی درەوشانەوەی وزە و خۆکوشتنی گڵۆپ و**
**گۆڕینەوەی ژیانی ئامێرەکانە بە مردن**

* * * * * *

**هەور بێزارە لەوەی هەردەم ببێتە بەفر و باران**

* * * * * *

**پەپوولە لە هاوڕێیەتی گوڵ ماندوو بووە**

* * * * * * *

**مێش هیواخوازی عیلاقەیەکی باشە لەگەل مرۆڤ**

* * * * * * *

**سەگە تۆڕییەکان هێشتا یاخین**

* * * * * *

**کۆترە کێوییەکان لە وانی دی بەشەڕەفترن**

* * * * * *